www.kurdistannet.org
25-8-02 11:09:56

# کی پشتگیری لەبارزانی دەکات؟

عوسمان ریشە
osmanmihemed@yahoo.com

دەنگۆی گۆرانکاری دەسەلاتی عیراقی ماوەیەکەناوچەکەی بەرەو نائارامیەکی زیاتر بردووە، هەرکەس و لایەك بەپی ی تێگەیشتنیان قسە لەسەر بارو دۆخەکەو چۆنیەتی گۆرانەکان دەکەن، زۆرانیش پێیان وایە لەترازانی ئەو ئەلقەیەدا دەبی پرسیان پێبکرێت وبەشداری راستەوخۆشیان هەبێت لەوکاردانەوانەدا . چونکە هەموان زۆرلە ئێمە باشتر لەبارودۆخەکەو دوای بارودۆخەکەگەیشتون. . ئوردن و سعودیەو سوریاوکوێت ب.چەند بۆچونێکی عەرەبانە شتەکانی خۆیان براندەوە. ئەوان دەیانەوی لەکاتی لێدانی عیراقداپریشکی شەرەکە بەر ئەوان نەکەوێت و دواییش لەروی ئابوریەوە زەرەر مەند نەبن. ئێرانیش تا رادەیەك ویستویەتی تەنیا بەرگری لە سنوورەکانی خۆی بکات و لە بنەوەش هانی تەیاری بەرهەلستکاری شیعە دەدات و دەخوازێت لە دوای رووخانی ئەو رژێمە بەشە شێریان بەرکەوێت. هەرچی تورکیایە لە دوولاوە لەو مەسەلەیە دەروانێت.

یەکەمیان : بەرژەوەندی یە ئابووری یەکان، تورکیا بە هۆی بوونی هێلێکی گومرگ کە نەوتی هەناردەی عیراقی پێدا تێدەپەرێت داهاتێکی باشی بۆ وەدەست دێت و لە پاڵ ئەوەشدا توانیویەتی پەیوەندی یە بازرگانی یەکانی لە گەڵ عیراقدا نوی بکاتەوەو لەو رێگایەشەوە سوودێکی زۆری بەرکەوێت. ئەگەر بارودۆخی عیراق گۆرانی بەسەردا بێت، تورکیا و دەسەلاتی ئایندەی عیراق پەیوەندی یەکانیان هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە یان نا ؟

دووەمیان : تورکیا لە ئالوگۆری یەکاندا دەیەوێت پشکی هەبێت، داوای دووبارە کردنەوەی تواناکانی دەوڵەتی عوسمانی دەکات. لە سەرزاری وەزیری بەرگری یەوە جارێکی دیکەو بەر لە دەست پێکردنی شالاوەکانی لێدانی عیراق تورکیا کومەلێك بۆچوونی نوێی فرێدا، کە لە لایەك هەرەشەی گەورە بوون بۆ سەرۆکەکەی کاك مەسعود بارزانی و لە لایەکی دیکەوە سەرنراکێشانی رای گشتیی جیهانی و عەرەبی بوو لە بەرامبەر هەلپەکانی دەولەتە نەخۆشەکەی . چاودێران پێیان وایە تورکیا زیاتر لە هەلوێستەکانی بارزانی توورەیە، بەوەی کە دەستووری فیدرالیی ئایندەی عیراقی بلاو کردووەتەوە و بە ئاشکرا داواکاری یەکانی کوردی بەرچاوخستوە. تورکیاش بەوە رازی نی یەو داوای لە پارتی و بارزانی ئەوەیە کە ئەوان نابێت داوای فیدرالی بۆ هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە بە مەترسیی دەزانن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان. لە لایەکی دیکەوەی داواکانیان چرتر دەکەنەوە بەوەی کە دەیانەوێت تورك ـ مانەکان بێنە مەیدان و هەوڵیشیان بۆ دەدات بۆ ئەوەی لە پرۆژەکانی ئایندەدا پشکیان هەبێت و ویلایەتی موسلیش هەر لە رێگای ئەوانەوە دەست بەسەردا بگرێت. پاشان وەزیری بەرگریی تورکیا هەرەشەی بردنەوەی جەنگێکی نابەرابەر دەکات لە گەڵ بارزانیدا . زۆر لە چاودێران پێیان وابوو کە لە بەر بارودۆخی ناسکی ناوچەکەو کورد و هەندی پێوەری تر بارزانی بۆ وەلامدانەوەی ئەو قسانەی وەزیری بەرگریی تورکیا بێدەنگی

www.kurdistannet.org
25-8-02 11:09:56

هەڵدەبژێرێت. بە پێچەوانەوە وەك لە رۆژنامەی برایەتیدا دەرکەوت وەڵامنامەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان جیا لەوەی پوخت و سەرنجراکێش بوو بە بیر هێنانەوەیەکی ئاشکرای مێژووی ململانێکانی نێوان کورد . تورك بوو، هەروەها دەشتوانین وەڵامنامەکە بەو چەند خاڵە کورت بکەینەوە. یەکەم : نوێکردنەوەی هەڵوێستەکانی بنەماڵەی بارزانی کە لە شێخ عەبدولسەلامەوە تا ئەورۆ لە بەرامبەر دوژمنانی کورددا نواندوویانە، دووەم : تورکیا هەرچی یەك بێت کورد لە بەرامبەر ئەواندا خۆراگرەو بە چۆکدا نایەت. سی یەم : وشیار کردنەوەی خەڵکی کوردستان لە هەڵوێستێکی جوامێرانە.

چوارەم : ئاگادارکردنەوەی نۆکەرانی تورکیا بۆ ئەوەی بە خۆیاندا بێنەوە.

دوای ئەو رووداوە و هەرەشەکانی تورکیا و وەڵامەکانی بارزانی پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە گەورەترین ریفراندۆم لە سەر ئەو لایەنە بکرێت، ئاخۆ کی پشتگیریی لە مەسعود بارزانی و بۆچوونەکانی دەکات و کەرکوك و بەشێکی پارێزگای موسڵ بە خاکی کوردی دەزانی و دژی هەر چاو سوورکردنەوەیەکیشە کە لە کورد بکرێت.

یان کی لەگەڵ ئەوەیە کە تورکیا ویلایەتی موسڵی سەردەمی عوسمانی یەکان بگرێتەوە ژێر دەستی خۆی .

واش تێمەگەن بەرگری لە مەسعود بارزانی دەکەم، نەخێر بارزانی بۆ خۆی دیفاع لە خۆی و من و ئێوەش بە مەوقیفە سالمەکانی دەکات و پێم وابی هەمووومان ئاگامان لەو هەڵوێستانە هەیە.

جارێکی دیکەش با راپرسی یەك سازبکەین و هەوڵێش بدەین تەواومان بەشداریی تێدا بکەین و دواییش لە ئەنجامەکانی تێدەگەین، ئاخۆ هەر کورە کوردەتێکۆشەروخاکپەروەرەکەی جاران ماوین یان نا ...؟